www.kurdistannet.org
10-2-2006 11:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەهۆڵی پێشمەرگە هونەری میوزیکی کوردیان بەستەوە بە عێراق... ئامانج عەبدوڵا سوور

لەدوای راپەرینەکەوە نەوەیەك پەیدابووە کەپێی شەرمە عێراقی بێت، لەدوێنی ەوە بەمیراتی ئەوهەموو تالاوەی بۆماوەتەوە کەداگیرکەر بەخەستی دەرخواردی داوە، کوردستان کەبەزۆر بەعێراقیکی داتاشراوەوە لکێنراوە لەسایەی دا جگەلە ئەنفال وبۆنی کیمیای و خەردەل وجینۆساید وئیبادەکردن هیچ یادگاریەکی تر شك نابات..
بۆیە هاووڵاتی کورد بەگشتی وئەم نەوەیە بەتایبەتی ئەونەوەیەی ئیمزای بەعسی نەکردووە تالە (فنون جمیلە) وەبگیری وشەی عێراقی بوون بەقێزەون ناوزەند ئەکات...
ئەگەر تادوێنی نیگەران بووین بەئالا بۆگەنەکەی عێراق کەلە کوردستان هاوشانی ئالای کوردستان ئەشەکەێتەوە ئەوا لەوە خەستر هاتە گۆری، ئەمجارە بەبەگێکی قەشەنگەوە لەرێورەسمێکی شایستە ولەهۆڵی پێشمەرگە!!!پێشمەرگە سیمبوڵی بەرگری نەتەوەیی دا تیپی ئۆرکێسترای سلێمانی پرۆسەی مارەبرینی میوزیکی کوردی لە سەمفۆنیای عێراقی سازدا...
رۆژانی ٧-٢٠٠٦/٢/٨لەهۆڵی پێشمەرگە!!کۆنسێرتێك بۆ هونەرمەندی تاراوگە عەدنان کریم سازدرا لەم کۆنسێرتەدا بەتەنها (فازل عەواد) نەهاتبوو کاری ژەنەر بکات!!دەنا هەرژی (فرقە الأنشاد) ی سەردەمی بەعسیانە هاتبوون بەشانازیەوە بۆ کاك عەدنانیان ئەژەندوهۆڵی پێشمەرگەیان بەبۆگەنی هەشتاکان سەردەمی مەنع لتەجەول وئەنفال کاس کرد، تیپی ئۆرکێسترای سلێمانیش ئەمەی بەدەستکەوت لەقەڵەم ئەدا...
لەراستی دا من ماوەی رابردووو لەسەر ئاستی داتەپەیوی هونەری شاری هەولێر بابەتێکم داگرت لی ئێستا زۆر بەزەروری ئەزانم هەنوکە لەسەر ئەم بارە بی دەنگ نەبم تا بۆ هەموو لایەکیش ساغ بێتەوە کەمن لەدرزی دیدگای هەریمچێتی ولۆکاڵیەوە نانوسم..
جاری ئەگەر ئەم ئۆرکێسترایەی سلێ/انی هەڵگری نازناوی (ناوی گەورەودێی وێران نیە) بۆ دەرگاکان والاناکەن وتەنها لەجوغزی چەند کەسێك دا مەلە دەکەن، هەموو لایەك ئەم راستیە باش دەزانین کە ئۆرکێسترای نەتەوەیی لەساڵی ١٩٩٧لەبرۆکسل لەسەر دەستی هونەرمەندان (قادر دیلان وخالید رەشید) پێکهات بۆزیاتر زانیاریمان لەساڵی ١٩٩٨گۆڤاری گزنگ لەیەکێ: لەژمارەکانی دا لەسەری دواوە، هەرهەمان ساڵیش لە مەد تیڤی خوالی خۆش بوو (قادر دیلان) ئەوەی راگەیاند کە هونەرمەند خالد رەشید ئەم ئۆرکێسترایەی دامەزراندووە، دیارە هەرلەرێِا ئەم هونەرمەندەشەوە کاك نەجات هاتە کایەی ئەم ئۆرکێسترایەوە کە ئێستا سەرۆکایەتی ئۆرکێسترای سلێمانی ئەکات وکەچی لەچاوپێکەوتنی تیڤی دا ئەوئەمانەتە مێژووییە لەدەست ئەدات وواباس ئەکات کەگوایە خۆی (نەجات) ئەم ئۆرکێسترایەی دروست کردووە، ئەبی نەجات وهاورێکانی کەلەشیوەنی (خێلِری حەمە) خۆی ناساندووە باش لەوراستیە بگات کە خەڵکی لەراستیەکان بەئاگان ومێژووش بەکەس لغاوناکی...
ئۆرکێسترای سلێمانی ئەگەر وەك ئۆرکێسترایەکی نەتەوەیی کاردەکات باوەڵامان بداتەوە وەك ئاگادارین هونەرمەندان (دڵشاد کەلەدانیمارك ژەنیاری سەمفۆنیای ئەو وولاتەیە-خالد رەشد لەسوید-وهونەرمەندانی دی) پارچە میوزیکیان بۆ ناردوون بۆکاری لەسەرناکەن ونایخەنە روو؟؟؟توانای ئەم کارەتان نیە یان هەڵگری ئەم پەیامە نین؟یان ئەم ئۆرکێسترایە بۆ چەند کەسێکی دیاری کراوە ودۆگمایە بۆیان گەربەم جۆرەیە رەوایە

ناوەکەشی بگۆرن بەناوێکی تایبەت بەبنەماڵە وکەسانێك وبەس!!هەروەك گروپی کامگاران ئەمە کارێکی ئاساییە وکەسیش گلەییان لی ناکات بەڵام کارەسات ئەوە شوناست ئۆرکێسترای نیشتمانی بی وکارت بۆ لەچەند کەسێ/زیادتر نەترازی!!!

ئۆرکێسترای سلێمانی ئەبوو ئاشنا بێت بەوراسیتە کە هونەر هەڵگری پەیامێکە لێوان لێو لە راستگۆی ونەتەوەیی، نەك کاری تەنها ژەنینەوە وبەبەراکردنەوەی رۆژئاواییانە بێت، کاکە نەجات کەوەك بزانری هیچ بروانامەیەکی ئامزشگایی ئەم وولاتەی نیە وتەنانەت بەسەر یەك ئالەتی میوزیکدا زاڵ نیە لەژەنین دا پێم ناڵێن چۆن دەوری مایسترۆ ئەبینی؟؟

ئاخر ئەبێ کاك نەجات باش لەوەحاڵی بی خەڵکی ئەم شارە لۆکەی لەگوێی نەئاخنیوەهەڵبەت گوێی لەمیوزیکی (بتهۆڤن ومۆزارت و... هتد) گرتووە دەزانی ئێوە هەرخەریکی کاری کۆلاژکردنی میویزکی کلاسیکی رۆژئاوایین کەئەمەش هەرگیز پێی ناوتری ئەفراندن وداهێنان...

لەلایەکی تریشەوە ئەوەی لەم دوورۆژەی رابردوودا ئەنجام درا ناچێتە خانەی نوێکاری وترازاندنەوە ئەبێت کاك عەدنان کریم لەوەدڵنیا بێت بە دەیان چامەی تریش ئەوداهێنانە ناهێتە گۆری چونکە تائێستا لەمیلۆدی نەترازاوە، هەموو دەزانین ووتنەوە لەدوای سەمفۆنیاوە ئۆپێراشی پێویستە کە لای ئەم هونەرمەندە بەدی نەکرا ئاخر ئێمە لەوەش دەزانین میوزیك وگۆرانی پرە لە پرس ووەڵامە جواداکان...

ئەوەی رووی دا پراوپرە لەشەرمەزاری بۆیە ئەکری هەڵوێستی لەسەر وەربگرین، ئێمە کەعێراقی نین باهونەرمان لە سەمفۆنیاکەی مارەنەبرین، سەرخۆبوون بەپەیام زایند ئەبی...

٢٠٠٦/٢/٩